## حەمە غەفور کەسایەتی چالاکی بواری ڕێکخراوەکانی بواری سەربەخۆی کوردستان

# جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ خواستێکی جەماوەری و سەرتاسەرییە لە کوردستاندا

**جابوونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەولەتێکی سەربەخۆ بۆ خەلکی کوردستان و رزگاربوون لە پلە دوویی و سەرگەردانی و دووبارە نەبونەوەی ئەنفال و کیمیاباران، ئاوات و ئامانجی زۆربەی هەرەزۆری خەلکی کوردستانە.ئیمە بۆ زیاتر ئاشنا بون بە رێگری کۆسپەکانی و رێگایەکی کارساز،تەوەرێکمان کردۆتەوە بۆ ئەم جارەیان بەرێز (حمە غفور) نوسەرو رۆژنامەنوس و کەسایەتی چالاکی بواری راکخراوەکانی بواری سەربەخۆی کوردستان دەدوێنین.**

**ئامادەکردنی :رزگاری**

**پرسیار/سەرەتا دەپرسین وەزعیەتی سیاسی عێراق چۆن هەڵدەسەنگێنی دوای نەمانی ڕژێمی بەعس؟**

حەمەغەفور: سەرەتا زۆر سوپاسی ستافی هەفتەنامەی رزگاری دەکەم بۆ ئەم دەرفەتەی بە منیانداوە. وەزعی سیاسی عێراق لەم ماوەیەی دوای دەسەڵاتی دیکتاتۆری سەددام تا هاتووە ئاڵۆزتربووە. مێژووی سەد ساڵی ڕابردووی عێراقو ناوچەکەش دەورانی بەمرادەیە ئاڵۆزکاوو نادیارو ترسناکی بەخۆیەوە نەبینیوە. سەردەمێکی خوێناویو حوکمێکی بەربەریانە لەناو پاشاگەردانییەکی سیاسی بێوێنەدا کە جگە لە شەڕو پێکدادانو یەکتربڕینەوەی جیهانیو ناوچەییو ناوخۆییو قووڵبوونەوەی زیاتری ئەم کێشانە، جگە لە دارمانی زیاتری کۆمەڵگای عێراق بۆ ناو زەلکاوی نابوود بوونو کاولکاری تۆقێنەر هیچی تری لێ بەدیناکرێ! بەمجۆرە لە سایەی سیاسەتی میلیتاریستیو داگیرکاریی ئەمریکاوە، لە جیاتی "لەناوبردنی تیرۆریزمی ئیسلامی" ئەمریکا کۆمەڵگای عێراقی گۆڕی بۆ مەیدانێکی مناسب بۆ تەڕاتێنی تیرۆریزمی ئیسلامیو دارودەستەی بێهەوساری قەومیو تائیفی.

تازەترین گۆڕانکاری ناو پانتایی سیاسی عێراق شکستی سیاسیو ستراتیژی خودی ئەمریکایە. بێگومان ئەم شکستە خۆی چەند بەرامبەر دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکا. جمهوری ئیسلامی ئێران لەم جەنگەدا براوەی یەکەمەو دەخالەتی ڕاستەوخۆو کاریگەری بەسەر وەزعی سیاسی عێراقەوە هەیە. ئەمریکای زەبەللاح دوای چوار ساڵ بەناچاری لەسەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمی ئێراندا دادەنیشێ گوایا بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ وەزعی ناهەمواری کۆمەڵگای عێراق! ئەمە شکستێکی موتڵەقە بۆ ئەمریکا بەڵام ناتوانێ بەکردەوە دانی پێدابنێ. هەردوو حیزبی کۆماریو دیموکراتی ئەمریکی دەیانەوێ لەڕێگەی درێژەدان بە ملهوڕیو عەسکەرتارییەوە لەناو زەلکاوی شکستیاندا لە عێراق پەلەقاژە بکەن. ئەم هەڵوێستەشیان دۆخی نوێی عێراقی بەتەواوی لەگرێژەنە بردووەو ڕۆژ دوای ڕۆژ وەزعەکە ناهەموارتر دەبێ. ئێستا عێراق بۆتە مەیدانی چەندین جەنگو دەعواو بەرامبەرکێی جۆراوجۆرو بەردەوام لەنێوان هێزو بزووتنەوەو دەوڵەتانی دەخالەتگەر لە عێراقدا. ئەم جەنگو پێکدادانانە لەوپەڕی قووڵبوونەوەدایە. شەڕی ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی بەگشتی، شەڕی جمهوری ئیسلامی ئێرانو ئەمریکا بە تایبەتی، شەڕی ناسیونالیزمی عەرەبو ئەمریکا، شەڕی تائیفی ئیسلامی سیاسی شیعەو سوننە وە جەنگی قەومی کوردو عەرەب کە لەسەر لێواری قەومانەو مەسەلەی کەرکوکو مادەی ١٤٠و بێنەوبەردەکان لەمبارەوە بەڕوونی مەترسی هەڵایسانی نزیکخستۆتەوە. کۆنگرەی قاهیرەش لەم ڕۆژانەی پێشوودا بە ئیعلانکردنی جەبهەیەکی سیاسی تازە دەروازەی جەنگو دەعوایەکی نوێی خستۆتە سەر پشت.

فەشەلی تەواوی حکومەتی مالکیو زەلیلبوونی بە تەنها لەبەردەم کێشەی ئەمنی شاری بەغدادا، هێنانی هێزی سەربازی زیاتری ئەمریکاو تەشەنەکردنی کاری تیرۆریستیو تەقاندنەوەکان بۆ ناو کوردستانو چالاکبوونەوەی ئیسلامی سیاسی تیایدا، ئیزافەبوونی نائەمنی ئابووریو هەژارییەکی بەربڵاو لە ئاستی سەراسەریدا بۆ سەر باری نائەمنی سیاسیو کۆمەڵایەتی، لەلایەک بەرایی ئاکامی ئەم شکستەی ئەمریکایەو لەلایەکی تریشەوە ڕەشبینیو بێئومێدییەکی گشتگیری کۆمەڵایەتی لێکەوتۆتەوە کە بە کۆمەڵو بەلێشاو کۆچکردنو ئاوارەیی ملیۆنی بەشوێن خۆیدا هێناوە. لە یەک قسەدا، وەزعی سیاسی عێراق بەڕادەیەک داڕووخاوو نائەمنو ناجێگیرەو ئاسۆی کۆتایی نادیارو تەمومژاویە، ئەگەر بێتو بەرەی ئازادیخوازیو جیهانی شارستانی خۆی کۆنەکاتەوەو سنوورێک بۆ ئەم وەزعە دانەنێ ئایندەیەکی زۆر ناشیرینترو ڕەشتر لەوەی ئێستا چاوەڕێی ئەم کۆمەڵگایەو ئەم ناوچەیە دەکا!

**پرسیار/جیابوونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ خەلکی کوردستان لەم کات و ساتەدا تا چەند ئیمکانی هەیە؟**

حەمەغەفور: سەرەتا ڕوونکردنەوەیەک بە پێویست دەزانم. من خەباتکاری ڕێگای دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەلمانیو سکۆلارم لە کوردستاندا. نەک هەر دەوڵەتێک. یانی دەوڵەتێک کە دین لە دەسەڵاتی دەوڵەتیو پەروەردەو فێربوون جیابێو سکۆلار وەکو وڵاتی هۆڵەندا یا سوید کە ناسنامەی هیچ قەومێکی بەسەرەوە نەبێ. چونکە هەر ئێستا مناوەرەو تەحەدداکانی بزووتنەوەی کوردایەتیو حیزبەکانی تەنانەت بۆ جۆرێک لە شەرعیەتدان بە هەرێمێکی شتێک جیاواز لە ناوچەیەکی حوکمی زاتی، لەبەر ئەوەی مۆرکی قەومی کوردی لێدراوە لە هەر چوارلاوە دەوڵەتانی فاشیستی دەوروبەرو تەنانەت هاوپەیمانەکانیشیان لە دەوڵەتی مالکیدا چنگو ددان نیشانی خەڵکی کوردستان ئەدەنو هەڕەشەی خولقاندنی کارەسات دەکەن لە دژی.

بەبڕوای من هەموو ماتەریاڵو پێکهاتە مێژوویی‌و سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی جیابوونەوەی کوردستانو دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی بەوجۆرەی لە سەرەوە باسمکرد ئامادەییان هەیەو بەڕادەیەکی کافیش ئیمکانی ئەوەی فەراهەمکردووە بۆ خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان هەتا لەپێناوی کۆتاییهێنان بە ئیلحاقی ئیجباریو پلەدوویی‌و هەڵاواردن، بەمەبەستی سازکردنی کیانێکی سەربەخۆی موعتەبەری نێودەوڵەتی بۆ مومارەسەی ژیانێکی ئازادو ئارامو دوور لە چەوسانەوەو ئەنفالو کۆمەڵکوژی، بە کامی دڵو پڕ بە گەروویان بانگەوازی جیابوونەوەو سەربەخۆیی بکەنو دەستبەرن بۆ پراتیککردنی. ستەمی مێژوویی بەسەر ئەم خەڵکو کۆمەڵگایەوە قەڵشتێکی وای کردۆتە نێوان خەڵکی عەرەبزمانو کوردزمانەوە لە عێراقدا مومکن نییە لە چوارچێوەی عێراقدا پێکەوە هەڵکەن!

فاشیزمی عەرەبی عێراقی بە نەمانی ڕژێمی بەعس کەمەری شکاوەو دەوڵەتی مەرکەزی ئێستاش نوقمی جەنگی تائیفیو سیناریۆی ڕەشە. دەوڵەتانی ئێرانو تورکیاو سوریاش لەناو قەیرانی سیاسیو حکومەتی قووڵدا بەسەر دەبەن. کاتێک ئیرادەی یەکگرتووی خەڵکی کوردستان لە ڕیفراندۆمێکی ئازاددا لەژێر چاودێری ئۆرگانە نێودەوڵەتییەکاندا خۆی بەرجەستەکرد بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆیانو وڵاتەکەیان، ئەو سێ دەوڵەتە نەک توانای دەخالەتیان لە کاروباری دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا نابێ، بەڵکو دەبێ ڕێزی لێبگرنو دەسهەڵگرن لە سیاسەتی هەڵاواردنو سەرکوتی خەڵکی کوردزمانی ناو وڵاتەکانی خۆشیان. جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ خواستێکی جەماوەریو سەرتاسەرییە لە کوردستاندا. بینیمان چۆن لە ڕیفراندۆمێکی نافەرمیدا سەد لە سەدی خەڵکی کوردستان دەنگیان پێ دا.

بەلای منەوە تەنها کۆسپێک لەبەردەم ئەم خواستە گشتگیرەو ئەم هەنگاوە مێژووییەی خەڵکی کوردستاندا ناسیونالیزمی کوردو حیزبەکانییەتی. ئەوان خۆیان کردۆتە وەکیلی خەڵکی کوردستانو لەجیاتی خەڵک بڕیاردەدەن. ئەوان نەک هەر بە تەنها دژی جیابوونەوەو سەربەخۆیی کوردستانن، بەڵکو بە درۆو فریوکاریو پیلانگێڕی دەیانەوێ کوردستان بلکێننەوە بە عێراقەوە. بزووتنەوەی کوردایەتی دوای ١٦ساڵ دەسەڵاتداریتی لە کوردستاندا سەرباری جەنگی ناوخۆو گەندەڵی ئیداریو ڕاووڕووتی سەروەتو داهاتی وڵات، تەنانەت کێشەی ئاوو کارەبای چارەسەر نەکردووە! یەکێتیو پارتی نانی پاشاگەردانیو سیناریۆی ڕەشی عێراق دەخۆن. ئەوان بەشێکن لە هێزەکانی خولقێنەری وەزعی ناهەمواری ئێستای عێراق. ئەوان باش دەزانن بە جیابوونەوەی کوردستان ژێر پێیان بۆش دەبێو توانای مانەوەیان نامێنێ. بۆیە بڕوام وایە دەسبردنی خەڵکی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی خواستی جیابوونەوە لە ڕیفراندۆمێکدا، لەگەڵ ئەوەی کێشەیەکی گەورەی مێژوویی عێراقو ناوچەکە یەکلادەکاتەوە، ئاسۆیەکی ڕووناکیش بۆ کۆتایی وەزعی ناهەمواری عێراق دەکاتەوە.

**پرسیار/بنەماکانی جیابوونەوەی کوردستان بە بڕوای تۆ لە چیەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

حەمەغەفور: وەک لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا باسمکردووە، بنەماکانی جیابوونەوەی کوردستان لە زوڵمو چەوسانەوەو هەڵاواردن، لە ئەنفالو کیمیابارانو تەرحیلو تەعریبی دەیان ساڵەی سەر ئەم خەڵکەوە سەرچاوەی گرتووە. نزیک بە سەد ساڵە بە پێچەوانەی خواستی خۆیانەوە، لەڕێگەی مومارەسەی سیاسەتی فاشیستیو ڕەگەزپەرستانەوە لەلایەن دەوڵەتە مەرکەزیە یەک لەدوای یەکەکانی تائێستاوە، بە زۆری سەرکوتو کوشتارو ئیعدامو ڕاونانو...تدەوە، ئەم خەڵکو کۆمەڵگایە بەزۆر لکێنراوە بە عێراقەوە. سەد ساڵە هاووڵاتیانی کوردزمانی ئەم وڵاتە سەرباری پەیڕەوکردنی توندترینو خوێناویترین سیاسەتی هەڵاواردن بۆ ڕاگرتنیان لە پلە دوویی‌و دارزان لەناو ستەمو چەوسانەوەدا، لەسەرەتایی ترین مافی ژیانو هاوڵاتیبوون مەحروم کراون. سەد ساڵ چەوسانەوەو هەڵاواردن، بۆردمانو کاولکردن، ئیعدامو کۆمەڵکوژیو زەوتکردنی مافی سەربەخۆیی هێشتاش کەمە بۆ ئەوەی میللەتێک هەقی بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆی پێ بدرێ!؟ بەبڕوای من ناسیونالیزمی کورد لە ئێستادا بە پێداگرتنی لەسەر لکاندنەوەی کوردستان بە عێراقەوە، خەتایەکی گەورە دەکات دەرهەق بە چارەنووسی ئەم میللەتە ستەمدیدەیەو دەبێ بەرەورووی نەفرەتێکی جەماوەریو سەرتاسەری بێتەوە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە.

**پرسیار/ بەڵام وەکو ئاگادارین وڵاتانی ناوچەکە بەردەوام لە هەڕەشە دان و دامەزراندنی ئەو دەوڵەتەیان پێ قبوڵنیە،ئەو وڵاتانە لەم وەزعیەتەدا تا چەند کاریگەرییان هەیە؟**

حەمەغەفور: ئەوە کە دەوڵەتانی دەوروبەر جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی عێرقیان قبوڵنییە، ڕاستە. ئەودەوڵەتانە خۆشیان لەسەر بنەمای قەومی دامەزراون. هەر بۆیەش میللەتی سەردەست لەو وڵاتانەدا بە ئاگرو ئاسن مافو خواستو داواکاری نەتەوە ژێردەستەکانی سەرکوت دەکاتو پەیڕەوی لە پیسترین سیاسەتی ڕەگەزپەستی دەکات لە بەرامبەریان. هەڕەشەی ئەو دەوڵەتانە تا لەسەر کار مابن دەمێنێتەوە. بەڵام وەک ووتم، خەڵکی کوردستانی عێراق دەبێ لە ڕیفراندۆمێکی ئازاددا بڕیار لەسەر چارەنووسیان بدەن. ئەم هەقە کاتێک لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پشتیوانی لێدەکرێ، کە بزووتنەوەیەکی جەماوەریو گەورەو سەرتاسەری شکڵبگرێو بێتەمەیدان بۆ جێبەجێکردنی. ئەم خواستی ڕیفراندۆمو جیابوونەوەیە سەرەتا دەبێ خۆی بسەلمێنێو لە هەمانکاتیشدا خۆی جیاکاتەوە لە بزووتنەوەی کوردایەتی. دەبێ سەربەخۆ لە ناسیونالیزمی کورد هەنگاو هەڵگرێ بۆ سەربەخۆیی. کوردایەتیو سەرۆکو حیزبەکانی بە ئاشکراو بێپەردە ڕایانگەیاندووە کە نەک لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستاندا نین، بەڵکو لەدژی ئەو حەرەکەتەش بە توندی دەوەستنەوە کە بۆ جێبەجێکردنی بکەوێتەڕێ. کەواتە سەرەتا بزووتنەوەی سەربەخۆیی، یا خواستی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەبێ کۆسپی ناوخۆی بەردەمی هەڵگرێ. بەڕای من خۆ ڕزگارکردنی خەڵکی کوردستانو خواستی سەربەخۆییشیان لە ئاسۆو ئامانجی کوردایەتی هەنگاوێکی ئەساسیو یەکلاکەرەوەیە بۆ پووچەڵکردنەوەی هەر هەڕەشەیەکی دەوڵەتانی دەوروبەریش. چونکە ئەو دەوڵەتەی کە خواستی خەڵکی کوردستانە، دەوڵەتێکی نا قەومیو نادینی دەبێ. مانای چییە خەڵکی کوردستان هەستنو بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری گەورە بەرێخەن بۆ ڕیفراندۆم لەپێناوی دەوڵەتێکی قەومی کوردا! ئەم کارە بۆ بکەن. ١٦ ساڵە تەجروبەی دەسەڵاتی قەومیو خۆماڵی دەکەن.کام خێریان لەم دەسەڵاتە قەومییەی ئەحزابی کوردی بینیوە! دەوڵەتێک مۆرکی قەومێکی لێدرا ئەکەوێتە سەرکوتی ئەوانی ترو میللەتی سەردەست خۆشی هەرگیز ناتوانێ ئازاد بێت.

**پرسیار/بەردەوامی بەم شیوەیەی ئێستا چەندە کاریگەری لەسەر گواستنەوەی تیرۆر و تۆقاندن لە باشورەوە بۆ کوردستان هەیە؟**

حەمەغەفور: بێگومان ڕاگرتنی کوردستان بەمجۆرەو لە دەستی ئەحزابی دەسەڵاتداری کوردیدا، کە خۆیان هەم هێزێکی شەریکن لە حکومەتو پەرلەمانی کارتۆنی عێراقیدا، هەم بەشێکی دەخیلو خولقێنەری سیناریۆی ڕەشی عێراقن، خەتەرێکی گەورەو بەرچاوە بۆ داخزانی کوردستانیش بۆ ناو ئاگرو تەنوورەی جەنگێکی قەومی بێئەمان. بەتایبەتی کە بزووتنەوەی کوردایەتی ستراتیژێکی نییە جگە لە شەریکبوون لە دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزیدا. لە ئەساسدا ستراتیژی ناسیونالیزمی کورد هەڵپێکرابوو لەگەڵ تاکتیکی ئەمریکادا لە عێراق. ئێستا لەگەڵ شکستی سیاسیو ستراتیژی ئەمریکادا بزووتنەوەی کوردایەتی تووشی بنبەستێکی سیاسی هاتووە. هەر ئێستا بەداخەوە سەرەتاکانی هەڵایسانی جەنگی قەومی لە ناوچەکانی کەرکوکو خانەقینو موسڵو دەوروبەریان دەستیپێکردووە. شکستی سیاسیو ستراتیژی ئەمریکا لە عێراق بەمانای سەرکەوتنی تیرۆریزمی ئیسلامیە. بەمپێیە سەرکەوتنی هەر بزووتنەوەیەک مەودای هەڵسوورانو چالاکییەکانی بەربڵاوتر دەکاتەوە. لەهەمانکاتیشدا گەراو شانە خەوتووەکانی تیرۆریزمی ئیسلامی لەناو دارودەستە ئیسلامییە کوردییەکان، لەناو حوجرەو مزگەوتەکانی کوردستاندا، بە پاڵپشتی ناسیونالیزمی عەرەبو جمهوری ئیسلامی ئێران لە پەیکەرو تارمایی ئەنسار ئیسلامدا دەژێنەوە. منیش ڕاموایە کە کوردستان لەسایەی سیاسەتی تەسکو چاوچنۆکانەی ئەحزابی کوردیدا بەتەواوی لەبەردەم شۆڕبوونەوەی تیرۆرو کارە تۆقێنەرەکاندایە بۆ ناو قووڵایی شارەکانی کوردستان. بەڵام مەترسی گەورە ئەوەیە ئەم دەرفەتەی بۆ جیابوونەوەو سەربەخۆیی فەراهەم بووە، بێگومان تاسەر نامێنێتەوەو خەریکە دەبێتە قوربانی ساتوسەودای بزووتنەوەی کوردایەتی.

**پرسیار/پیویستە خەڵکی کوردستان چی بکەن بۆ ئەوەی ئەنفال و کیمیاباران و سەرگەردانی دووبارە نەبێتەوە؟**

حەمەغەفور: بەتەواوی لەگەڵ ئەو ڕایەی ئێوەدام کە لە پرسیارەکەتاندا هاتووە. ئومێد بە ئەحزابی دەسەڵاتداری کوردی بۆ تەئمینکردنی دوارۆژێکی ئارامو دوور لە کارەساتەکانی ڕابردوو خۆکوژییە. تەنیا هێزێک کە دەتوانێ ئەم خەڵکو کۆمەڵگایە بۆ هەمیشە ڕزگار کاو دووریانخاتەوە لە مەترسی دووبارەبوونەوەی مەئساتەکانی ڕابردوو خەڵکی کوردستان خۆیەتی. چونکە بەداخەوە پاش لە ١٦ساڵ سەربەخۆیی دیفاکتۆی کوردستانو دەسەڵاتداریتی ئەحزابی کوردی، تەنانەت دوای نەمانی ڕژێمی بەعسی فاشیست، هێشتا مەترسی دوبارەبوونەوەی ئەنفالو کیمیابارانو سەرگەردانیی زیاتر بەسەرسەری ئەم خەڵکو کۆمەڵگایەوە نەڕەویوەتەوە.

بەبڕوای من خەڵکی کوردستان دەتوانن‌و بەتەواویش بارودۆخ لەبارو مناسبە بۆیان، کە ئیرادەی ڕاستەوخۆیان بێننەمەیدان. خواستی جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ هێندە جەماوەریو سەرتاپاگیرە تەنانەت سەرانی دەرەجە یەکی ئەحزابی کوردیش ناتوانن خۆیانی لێ لادەن. دەتوانن لە دەوری خواستی بەرپاکردنی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بێنەمەیدان. بەڕێزی سەدان هەزارییەوە بڕژێنە سەرشەقامەکانو داوابکەن ئۆرگانە نێودەوڵەتیەکان تەداروکاتی بەرپاکردنی ئەو ڕیفراندۆمەیان بۆ سازدەن. بەرێخستنی بزووتنەوەیەکی سەرتاپاگیری بەمشێوەیە بۆ جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق، دەسبەجێ مەترسی داخزانی کوردستان بۆ ناو ئاگری تیرۆرو جەنگو دەعوای قەومی لادەباو یەک هەنگاوی گەورەو سەرەکیش لە ڕاستای ڕزگاری یەکجاریو سەربەخۆیی کوردستانو دڵنیابوون لە دوورکەوتنەوەی مەترسی دووبارەبوونەوەی کارەساتەکانی ئەنفالو کیمیابارانو سەرگەردانی دەهاوێ.

**فاشیزمی عەرەبی عێراقی بەنەمانی ڕژێمی بەعس کەمەری شکاوەو دەوڵەتی مەرکەزی ئێستاش نوقمی جەنگی تائیفیو سیناریۆی ڕەشە**

